

# هەڤاڵێك لە دارستانەوە

## راکۆن

راکۆن گیانەوەرێکی شیردارە لە ناو دارستانەکانی ئەمریکا دەژیت، حەشارگای خۆی لە کۆنی دارەکاندا دروست دەکات و بە درێژایی رۆژ دەرناچێتە دەرەوە.

شەوانە چالاك دەبێت و دەست بە نێچیر دەکات.

راکۆن بالندە، مشك، خشۆکی بچوك و هەندێك گیانەوەری ئاوی راو دەکات.

راکۆن بە زستان هەمووی دەکەوێتە چلخانەو لیێ دەنوێت.

حەوت جور راکۆن هەیە، یەکێك لەوان لە ئەمریکای باشوور دەژیت بە (راکۆنی کیسەڵ خۆر) ناسراوە.

جۆری هەرە زۆری راکۆن درێژییەکەی لەگەڵ درێژی کلکەی نزیکی یەك مەترە.

پێستی راکۆن زۆر بە نرخە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە راکۆن بەردەوام تووشی هەڵمەتی راوکردن بووە و ئێستا ژمارەیەکی کەم لەم گیانەوەرە جوانە ماوەتەوە.

کاری هەرە سەیری راکۆن ئەوەیە کە هیچ خواردنێك ناخوات ئەگەر پێش ئەوە نەیشواتەوە هەر لەبەر ئەمەش بە (پاکترین گیانەوەر)ە (وورچی بالاڤی) ناونراوە.

